
# کۆری جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەتۆرنتۆی کەنەدا سازدرا!

کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، رۆژی 2007/4/7 کۆرێکی بۆ هاوریان عادل ئەحمەد و نوری بەشیر لەشاری تۆرنتۆ سازدا، کۆرەکە کەلەلایەن کەژال عەزیزەوە بەریوەدەبرا، سەرەتا هەریەك لەکۆرسازدەران، لایەنی جۆراوجۆری هەلومەرجی کوردستانیان لەسەرئاستی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و لەچوارچیوەی سیاسەتی ئەمریکاو نارۆشنی ئایندەی خەڵك لەژێرسایەیی ئەو هەلومەرجەداو رێگای دەرچون لەسەرگەردانی و بێئاسۆییەك کەخەڵکی تیایە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریەوە رۆشنکردەوە.




سەرەتا عادل ئەحمەد ، بەپرسیاری ئەوەی بۆ جیابوونەوی کوردسان، دەستی پێکردو لەوێوە هەلومەرجی کوردستانی لەسەر ئاستی ناوخۆو لەچوارچیوەی سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانیدا، بونی فەسادی ئیداری و بیئاوو کارەباو سوتەمەنی و سەرکوتی خەڵك لەسەرخواستی داواکانیان و دیارنەبونی چارەنوسی خەڵك و نیگەرانی و نارەزایەتیەکانی خەڵك لەحکومەتی هەریم و حیزبە کوردیەکان و لەهەلومەرجی ئیستادا تەنیا ریگا رزگارکردنی خەلك لەو وەزعە بەجیابونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ رۆشنکردەوە.

پاشان نوری بەشیر، هەلومەرج و جیگاوریگای کوردستانی لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکەو خۆبەستنەوەی ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانیان بەستراتیژی شکستخواردوی ئەمریکاوەو دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکەو نادیاری ئایندەی کوردستان و بەستنەوەی بەدەولەتی عیراقی قەومی عەرەبیەوە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوەو هەروەها بونی ریزیکی فراوانی خەلکی

لەنارەزایەتی و دژایەتی لەگەل سیاسەت و بەرژوەندی ئەحزابی کوردی و حکومەتی هەریم و جیاوازی قازانج و بەرژەوەندیان قسەی کرد.
نوری بەشیر لەدریژەی قسەکانیدا تاکیدی لەوە کردوە ریگای دەربازبونی کوردستان لەنادیاری ئایندەیی لەمرۆداو لەحالەتی جیگیربونی دەولەتی قەومی عەرەبی عیراقدا هیشتنەوەی کوردستان بەدەرەجەدوویی و دوبارەبونەوەی چەندین کارەسات و کیشەی نیوان ناسیونالیزمی کوردو سەرگەردانی هینانی زیاتر بۆ خەلکی کوردستان، ئیشارەی بەوەدا ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کاردەکات بۆ هینانە مەیدانی هیزو ئیرادەی خەلکی کوردستان بۆ خواستەکانی ئەمرۆیان و هەلخراندیان بۆ ریفراندۆم لەکوردستان بۆ جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ، کەبۆ کۆمۆنیزمی کریکاری دەولەت لەکوردستان، بەدامەزراندنی دەولەتیکی سۆسیالیستی، چارەسەری سەرجەم کیشەکانی خەلکی کوردستان دەکات و ئەگەر ئیمکانی دەستبەجیی ئەوە نەبیت ئەوا دەولەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی و عەلمانی ریگایەکی کارسازە بۆ خواستەکانی خەلکی کوردستان و ئامادەیی خەلکی کەرکوك و ناوچەکانی کە لەریفراندۆمیکدا بۆ گەرانەوە بۆ سەر دەولەتیکی لەم جۆرە لەکوردستاندا.
هەردوو هاوری باسیان لەسەر ئەوەکرد کەزەرورە هەموو کەسانی چەپ و کۆمۆنیست و ئینساندۆست کەئایندەی خەلکی کوردستانیان بۆ گرنگە لەدەوری ئەم ریگاچارەیە کۆببنەوە.

کۆرەکە بەدەخالەتێکی زۆری ئامادەبوان بە پرسیارو نیگەرانی و دەخالەتی چروپرەوە کەباسێکی زۆری گرتە خۆی لەلایەنی جۆراوجۆرەوە، بەرونکردنەوەو وەلامی زیاتر لەلایەن هەردوو کۆرسازدەرانەوە پاش سێ کاتژمێر کۆتایی هات.

کۆمیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق